

# خێزانی کوردی لەرابردوودا

# کەپێکەوە هەڵیانکردووە

# هەمووی هەر ئیجابی نەبووە

**عادل شاسواری**

adilshaswary2000@yahoo.com

گەر بچینە ناو ئەتڵەسی ژیانەوە دەبینین : هەردوو شتێك لەم جیهانـەدا ، دەستی جیابوونەوە و دابڕان یەخـەیان دەگرێـت .. فرمێـسکی فـیراق ، دەشتی مەنفایان دەکاتە زەنگوێری خەم .

هەر لەسەرەتاوە کە مرۆڤ لەدایك دەبێت ..جیابوونەوەی جگەر گۆشەیە لەدایك بـەمانای ..ئـەم سـەفەرە پـەیامی ئەوە دەگەیەنێت کۆرپە لەوە گەورەترە لە ڕەحمی دایکدا جێ ی ببێتـەوە ..بـەڵکو توانـای سـەفەری ژیـانی رونـی هەیە دواتریش جیابوونەوە لە ماڵ بەرەو فێرگە و لە وێشەوە بۆ کار و پیـشەو هـەڵگرتنی ئـەرکی ژیـان درێـژەی هەیە .

تا مرۆڤ باشتر پێ بگات سەفەری گەورەتردەکات تا سەفەریش بکات دابڕان درێژەی دەبێت .. سەفەر وێنەیەکە لە نمایشەکانی دابڕان .. ئەگین دابڕان وەك ( حەربا ) لەتوانایدا هەیە لە چەندین شێوەدا خۆی بەرهەم بهێنێتـەوە .. چ نێگـەتیف یـان پـۆزەتیف .. پێکـەوە هـەڵکردن بەشێکیـشی پەیوەنـدی بـە ناچاریەوەیە ، بەنـەبونی ئـازادی هەڵبژاردنەوەیە .. بەو مانایەی خێزانی کوردی لەرابردوودا ئەوەندەی پێکەوە هەڵکردووە هەمووی هەر ئیجابی نەبووە بەڵکو بەشی هەرەزۆری ناچاری و نـەبوونی ئەگەرێکی تـر بەرهـەمی هێنـاوە .. بڕوانـە لـەو ئامـارەی کـە ڕێـژەی دابـڕان لـە وڵاتـی سـوید نیـشان دەدات ، ئـەڵێ بـوونی خێـزان بـەمانای پێکـەوە ژیـان ڕێـژەی ٣٧٪ ی کـۆی دانیشتوان پێك دەهێنێت .. چونکە لەوێ ئازادی پێکەوەژیان لەگەڵ لێکدابڕان لە گۆشەنیگای کۆمەڵگاوە یەکسانە واخەریکە هاوکێشەکە لەگەڵ ئێرەدا پێچەوانە دەبێتەوە و هەریەکە و لەماڵی خۆی بژی ئاساییە و پێکەوەژیان و خێزان ناوازەیە .

هەندێجاریش دابڕان لە نیشتمان ناسۆری پڕلە قەسوەتی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە : زسـتانی رابـردوو کاتـژمێر (٩)ی شەو بوو بەفر بوو سارد بوو لە شەقامێکی نزیك زانکۆی میوشن بەرەو گازینۆیەك بەڕێکەوتین ، بـەهیوای ئەوەی کەمێ پشوو بدەین کەگەیشتینە بەر دەرگاکەی کوڕێکی گەنج کەوا پێدەچو دەرگاوانی بێـت وتـی : ببـورن .. ئێوە ناتوانن بچنە ژوورەوە .

- بۆ ؟

- چونکە واپێدەچێ ڕۆژهەڵاتی بن ، وایە ؟

- بەڵێ ، بەڵام بۆچی ؟

- تا ئێستا (١٣)شەڕ لەم گازینۆیەدا رووی داوە خەڵکی عیراق بون ..!

ئیتر لەوەزیاتر لەسەری نەڕۆشتین نەوەك بشزانن عیراقین خراپی خراپتر .. ئـەوەش دابـڕان لـەو وڵاتـەی کـەلێی لەدایکبوین بۆ ئەو وڵاتەی کەخەونمان پێوە دەدی .

بەدەگمەن دوعاشق بوبن لەسەر ئەم گرۆی زەمینە و بەخەون و هیوای خۆیان گەیشتبن ، تەمەنی پێکەوەبون و کۆژینیان لە فیراق و و دابڕان زیاتر بوبێت .. چونکە ماکی پێکەوەبون عەقڵە و عیشقیش سۆز بەڕێوەی دەبات : ( ئەو دەمەی عەقڵ دەست وەرئەداتە عیشقەوە ئەوە ئیتر عیشق نییە ، سیاسەتە ، جەنگی خۆشگوزەرانیە .. لەبری ئەوەی لە سایەیدا قوربانی بدەیت شادومان ئەبیت ، شادومانیش بێوەفایە هاوڕێی تێری و مەستیە ) هەربۆیە هەرگیز عاشقە گەورەکانی دنیا بەیەك ناگەن .. عەشق و دابڕان پێکەوە ئەوینیان هەیە هەروەك پێکەوەبون و عەشق دوژمنایەتیان هەیە .

لێرەوە تێدەگەین زاخ و قەسوەت و حەسرەت بەرگی کوژاڵی ژینی چنیووە و ژیان هێندەی نواڵەی ئێشە مێرگی نۆش نییە .. هێندەی هۆرەی وەی وەیە هی ئۆخەی نییە !